# سایتی حیزب دەپرسی

## ئاشکرابوونی باندەکەی "شیخ زانا" کام هۆکارو کام راستی؟

دان پیدانان وئاشکرابوونی تاواناکانی باندە تیرۆریستییەکەی"شیخ زانا" راچلەکینەربوو بۆهەمووان و واچەند رۆژە بۆتەجیگای مشت و مر و لیوردبوونەوەو قسەوباسی نیو کۆمەلگا و رۆشنبیران ولایەن و کەسایەتی جۆراوجۆر. بەلام ئەوەی ئاشکرایە کە هەمووان لەبارەی هۆیەکانی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە و روووەکانی یەوە رایەکی چوونیەکیان نییە. بیگۆمان ئەم تاوانانە یەکجارتر کارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی دەباتە نیو قەفەزی دادگاییەوە ولەونیوەدا وەک تەرەفیکی بنەرەتی جیگای هەیە هاوکات ئەوەی ئەم باندە دەتوانی بۆماوەی چەند سالیک دەست لەتاوان وەردا و بۆ مەرامەکانی دزین و کوشتن و سەربرینی لاوانیک پرۆڤەبکات، ئەمەش لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابە کوردییەکاندا ببیشک سیاسەت و شیوەی مامەلەکردنی ئەوان و لیوردبوونەوە لەسەری دینیتە پیشەوە.. بەلام هەیە ئیسلام ببەری دەکاو هەشە لایەنگری دەسەلاتی یەکیتی وپارتی لەدوتویی باسی "پاکیزەیی کۆمەلگای کوردەواری" یەوە دینیتە گۆری و ئەم دیاردەیە بۆ "فەرهەنگی غەیەرکورد" دەگەرینیتەوە. هەشە پیی وایە"مرۆڤی کورد" نەخۆشی دەرونی گرتووە، و دەبی کۆمەلگای کوردستان ناخی خۆی هەلکۆلیت.. کەوایە ئەم رووداوە ئاکامی کام واقعیەتی سیاسی و کۆمەلایەتییە؟ موسەبیبانی ئەم تاوانانە کام رەوت و بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتین؟ پاشان وەلام چییە بەبۆچوونەکانی تر کەلەسەر لایەنەکانی ئەم تاوانانە دینە پیشەوە؟ لەئاخردا دەبی چیبکەین بۆ پاکردنەوەی کۆمەلگا لەم تاوان و دیاردە قزەون و راچلەکینەرانەوبەرگرتن بەدووپات نەبوونەوەیان؟

سایتی حیزب لەمبارەوە دەپرسی و رای کەسانیک دەبزوینی... هاوکات دەرگای خۆی بۆ بوچن و قسەوباسی هەمووان ئاوەلادەکات.. بەوهیوایەی هاوکار وبەشداربن لەگەلمان لەمگۆشەیەدا ..

.. خەسرەوسایە
00447796257020
k.saya@ukonline.co.uk



محسن کەریم

**خەسرەوسایە: بۆچوون و هەلویستیک کەجاریکیتر لەپەیوەند بەتاوانەکانی ئەم گروپەوە لەلایەن یەکیتی وپارتییەوە پیداگری لەسەر دەکریت، ئەوەیە کە ئیسلام بیبەرییە لەم جۆرەکارانە و ئیسلام دینیکی تۆلرانس و ئاشتی پەروەرە و دینی بریاەتی وئاسایشە، و هاوکات باس لە ئیسلامی راستەقینە دەکەن، ئیوەلەسەر ئەم بۆچوونە دەلین چی ئایا ئیسلامی تۆلرانس و راستەقینە بوونی هەیە، تاچەند هاوبەشیتی نیوان سەرجەم دەستەو گروپە ئیسلامییەکان لەسەر ئەم رووداوە و تیرۆریزمیک کەدەستی بۆدەبەن دەبینی؟**

محسن کریم: بە بروای من دەکرێ لە دوو لایەنەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. یەکێکیان بەرژەوەندی سیاسی یەکێتیو پارتیە لە پشتی ئەم قسانەوە کە بەرامبەر بە ئیسلامو ئیسلامی سیاسی رەسەنو نارەسەن دەیکەن. ئەوی دیکەش سەرنجدانی مێژوویی ئیسلام خۆیەتی وەکو فکرو عەقیدەو پراتیکی سیاسی کۆمەڵایەتی خودی بنیاتنەرانیو پاشان تاوتوێکردنی کارنامەی سیاسی بەشی هەرەزۆری بزووتنەوەو رەوتە سیاسیەکانی ئیسلام لە مێژووی هاوچەرخو لە 20–25 ساڵی رابردوودا. هەڵبەت من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە لەم نوسینە کورتەدا بەڵگەکان ریز بکەم تا لەم رێگایەوە خوێنەران بە بۆچوونەکانی خۆم قانیع بکەم. من پێم وایە کە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان پێویستیان بە بەڵگەو دەلیل نییە بۆ ئەوەی بزانن کە ئیسلام دینی توندوتیژیو کوشتارو ئیسلامی سیاسیش رەوتێکی کۆنەپەرستی دژی بەشەریو دژی هەموو سیما ئینسانیو شارستانیەکانی کۆمەڵگایە.

بەڵام من بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام دینی ئاشتیو تەساموح( تۆلیرانس)ە لە دوو ئاستدا بەڵگەکانی خۆم باس دەکەم. یەکەمیان: گەڕانەوە بۆ "قورئان" وەکو بنەمای فکریو سەرچاوەی یاساو حوکمو سونەتەکانی ئیسلام. لە "قورئان"دا توندوتیژیو کوشتنو قڕکردنی ئینسان وەکو "غەزەبی خودا" لە "بەندە نافەرمانەکان"و وەکو "جیهادی موسڵمانان" دژی ناموسڵمانو "کافرەکانو ئەوانەی شەریك بۆ خودا دروست دەکەن" رەواو شەرعی"و ئەرکی سەرشانی پەیڕەوانی ئیسلامە. ئەو موسڵمانەی ئەم جیهادە بۆ خودا نەکات، بەپێی قسەی موحەممەد" پێغەمبەری ئیسلام" ئیمانداریەکەی لاوازو لەقولۆقە! ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام دینی تەساموحە، لەگەڵ کێ تەساموحی هەیە؟ لەگەڵ غەیری ئیسلامو نەیارانی ئیسلامدا!؟ ئەی چی دەکەن لەو " ئایەت"انە دەکەن کە دەڵێن:"و جاهدوا و قاتلوا الکفار و المنافقین و

المشركين و المنكرين...."؟ خۆ ئەگەر ئەوانە لە"قورئان" دەربکێشن، رەنگە بەقەدەر ئینشایەکی عەرەبی پۆلی سێهەمی ناوەندی نەمێنێتەوە! ئەمە ئەگەر بکرێت" فەرمایشتی خودا" لەلایەن"عەبدە گوێڕایەڵەکان"یەوە دەستکاریو کورت بکرێتەوە!

دووەمیشیان: سەرنجدانێکە لە مێژووی پراتیکی ئیسلام لە سەردەمی دامەزرێنەرەکەیەوە (محمد)و یاوەرەکانی"خەلیفەکانی راشدین" تا بە سەرکردەکانی دیکەی ئیسلام، لە کاتی ئەوانو دوای ئەوانیش، لە سەردەمی "فتوحاتی ئیسلامی"دا. کێ هەیە بتوانێ ئینکاری لەوە بکات کە هەموو مێژووی ئیسلام لەو دەمانەدا کوشتارو سەرپەڕاندنی ئەندامانی تیرەو عەشیرەتو قەومەکانی دیکەی"غەیری ئیسلام"و تاڵانکردنی سامانیانو بە کەنیزەك کردنی ژنانیان بووە؟ بنچینەی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی لەژێر ئاڵای فکری ئیسلامو لەسەر سەدان هەزار کەللە سەری پەڕیودا دامەزراو دەسڵاتی بەسەر ناوچەیەکی گەورەی ئەو دەمەی جیهاندا داسەپاند.

ئایینێك کە بنەماکەی"قورئان"کوشتاری نەیارانی ئیسلام دەکاتە واجبی دینیو پراتیکی سەرکردەکانیشی مێژووی شمشێرو زولفەقارو سەربڕینی بەکۆمەڵو ئەنفالو بەکەنیزەك کردنی ژنانو تاڵانکردنە چی دەهێڵێتەوە بۆ لایەنگرانو بانگەشەچیانی ئەم تێزە پڕوپووچەی" ئیسلام دینی تەساموحە"!؟ هەڵبەت خودی نوسراوەکانی نوسەرو مێژوو نووسە ئیسلامیەکان راستگۆیانە ئەم روخسارە دزێوەی ئیسلامو رابەرو سەرکردەکانی دەخەنە روو، چونکە ئەو مێژووە خوێناوییە قابیلی تەعدیل کردن نیٖیە. یان هەر دەبێ ئەوە بنووسنەوە یان دەبێ مێژوویان نەبێت!

ئەمە سیماو کارکردی ئەو ئیسلامە"پاکیزە"و رەسەنەیە کە بێهودە لایەنگرانی گەوجی"دینی تەساموحو برایەتیو ئاشتی" دەیانەوێ جیای بکەنەوە لە بۆچوونو تەفسیرو کارکردی ئیسلامی سیاسی، ئەویش هەموو ئیسلامی سیاسی نە، بەڵکو بەشە نارەسەنەکەی!

بێگومان کاروکردەوەی ئیسلامی سیاسی لە 20–25 ساڵی رابردوودا، لە دەوڵەتی "نوێنەرانی خودا" لە ئێران تا قەسابخانەکانی ئیسلامی سیاسی لە جەزائیر، لە میسرەوە تا فەلەستین، لە پاکستانو ئەفغانستانەوە تا کوردستانو عێراق، لە هەر گۆشەو کەنارێکی دنیاوە، لە رووداوی 11ی سێپتێمبەردا، لە تەقینەوەکانی ئەندەنوسیاو مەدریدو لەندەن، کوشتارو تەقاندنەوەو تیرۆرو سەربڕینی ئینسان بووەو درێژەشی هەیە. ئیسلامی عەرەبستانی سعودیو شێخنشینەکانو ئیسلامی رەسەن، بە رەسمیو قانونی سەربڕینو دەستبڕین ئەنجام دەدەنو.....تاد.!

بە بڕوای من ئیسلامی"تۆلیرانسو ئاشتیخواز"، چ وەکو عەقیدەو سونەتو نەریتی کۆمەڵایەتی، چ وەکو شەرعو ئەحکامەکان، چ وەکو وەکو پراتیکی سیاسی، چ وەکو یاساو دەسەڵات شتێکی خەیاڵیو پووچە. ئەمە تێزێکی دڵخوازی بەشێك لە ئیسلامی سیاسیو هەندێك لە شەخسیاتە ئیسلامیەکانە کە سەرچاوەی دەرامەتی مفتیان بە قسەی مارکس( بازرگانیکردنە لە نێوان"خودا"و "عەبد"دا ). بەشێکیش لە سەرکردەکانی دەوڵەتو سیاسەتمەدارە ریاکارو درۆزنەکانی بۆرژوازیش لە رۆژئاوا بۆ دەستەمۆکردنی ئیسلامی سیاسیو بەکارهێنانی وەکو چەکی زەخیرەی بۆرژوازی لەبەرامبەر هەر بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازدا ، ئەم تێزە رەواج پێدەدەن.

پڕوپاگەندەکانی یەکێتیو پارتیش دەربارەی ئیسلامی رەسەنو پاکیزەو بێبەری بوونی ئەم گروپە تیرۆریستەی( شێخ زانا) لە ئیسلام لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەی سەرەوەدا لێکدەدرێتەوە. یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی بۆرژوایی پێویستیان بە جەهالەتی ئیسلامو بە ئیسلامی سیاسی هەیە، لە بەرامبەر خەڵكو بزووتنەوەی یەکسانیخوازو ئازادیخوازی ئەو خەڵکەدا، لە بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاریو بزووتنەوەی کرێکاری کوردستاندا. چونکە بڕوا بوون بە ئیسلام خۆی هۆکارێکە بۆ دیلێتی فکریی ئینسانو سادەیی هوشیاری کۆمەڵایەتیو بەم جۆرە لەلایەن ئەم حیزبانەوە ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێنو مامەڵە بە مافو خواستەکانو بە چارەنوسیانەوە دەکرێت! هەروەها بڕوابوون بە ئیسلام مانای بڕوابوون بەو بەشەی کە"خودا" بە ئینسانی داوە! مانای عەمەلی ئەمەش رازیبوونی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە بەو بەشەی یەکێتیو پارتی دەیاندەنێ! دوورخستنەوەیانە لە بیرو بۆچوونو بزووتنەوەی رزگاریبەخشی خۆیان، لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئەمەش خزمەتێکی هەرزانو کەم تەکلیفە بە دەسەڵاتی مشەخۆری ئەم دوو حیزبە!

بە نیسبەت ئیسلامی سیاسیەوە، دەورو نەخشی تیرۆریزمی ئیسلامی بەرامبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریو ئازادیخوزایو یەکسانتیخوازی و دژایەتی کوێرانەی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ کرێکارو کۆمۆنیزم بۆ هەموو کەسێك رۆشنو ئاشکرایە. بۆ یەکێتیو پارتی، ئەم هێزە بێهەوسارە تیرۆریستە ئیحتیاتیە قابیلی دەست لێبەردان نییە. ئەوەی بە خۆیان ناکرێو نەکراوە دژی کۆمۆنیزمی کرێکاریو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو هەڵسوڕاوانیو دژی کەسانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازی کوردستان، بەوان ئەنجامی دەدەنو ئەنجامیان داوە. پارتیو یەکێتی پێویستیان بە ئیسلامی سیاسیە بەڵام بەو مەرجەی دەست بۆ پەرێزی ئەوان درێژ نەکەن! کۆمۆنیستەکانو ئازادیخوازانو ژنانی ئازادو

ڕۆشنبیرانی عیلمانیو...تاد. هەڕەشە لێبکەن، تێزابیان پێدا بکەن، تیرۆر بکەن قەیناکا! ئەوانە لە جوملەی "حەرامکراوەکان" نین! بەڵام دۆستی یەکێتیو پارتی بنو کایەکەیان لێ نەشێوێننو ئیحراجیان نەکەن!

پارتی کە ئێستا دەیەوێ دەسەڵاتەکەی وەکو پارێزەری ئاسایشی هاوڵاتیانو کۆمەڵگا لە تیرۆریزمی ئەم باندە ئیسلامیە دڕندەو خوێنخۆرە بناسێنێ، چەند ساڵ لەوەبەر لە پاڵ تیرۆری هاوڕێیان شاپوور عبدالقادرو قابیل عادل دا، لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، ڕاوەستا. ڕێگای نەدا مەراسیمی پرسەیان بۆ دابنرێت. بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی داگیرکردو دواتر ڕۆژنامەی یەکسانیو چالاکی ئەم ڕێکخراوەی لە هەولێر بۆ دڵنەوایی ئیسلامیەکان قەدەغە کرد! ئێستاش مەلا بەشیری تیرۆریستو فتوادەری تیرۆری ئەو هاوڕێیانەی ئێمە دێنێتە بەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو لە دژی هاوڕێ ساکار ئەحمەد هەڵیتو پەڵیت پەخش دەکاتەوەن لە جیاتی ئەوەی لە زیندان خەریکی تەقوای خۆی بێت! یەکێتی نیشتمانیش هیچ لەوە شەرمی نەکرد کە تاقمە ئیسلامیەکانی دۆستی، لەکاتی پەلامارەکەیاندا بۆ سەر حیزبی ئێمە، پێشنیاری هاوکاریان خستبووە بەردەمیان!

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بە مەسەلەیەك بکەم. گومان لەوەدا نییە کە دوژمنانی ئێمە، قسەکانی منو ڕەخنەی ئێمە لە ئیسلام وەکو بریندارکردنی هەستو ویژدانی خەڵکانی موسڵمان بانگەشە بکەن. جێی خۆیەتی بڵێم کە بۆ منو بۆ بزووتنەوەی ئێمە ئینسانەکان جیاواز لە عەقیدەی ئاینیو سیاسیانو...موعتەبەرنو مافو شەخسیەتیان پارێزراوە. ڕاستە ڕەخنەی من لە ئیسلام وەکو بیروبۆچونێکی دژی ئینسانی کە بنەمای فکریو کۆمەڵایەتی تیرۆریزمی ئیسلامی ئەم سەردەمەش پێك دەهێنێت، لە لایەنێکیشدا ڕەخنەیە لە عەقیدەیەك کە ئەوان بڕوایان پێیەتیو بە بڕوای من پێچەوانەیە لەگەڵ هەستو شعوری ئینسانیو ئومێدو خواستو ئارەزووە ئینسانیەکانی ئەواندا. من پێم وایە عەقیدەی ئیسلام تەعبیر نییە لە خەسڵەتو ماهیەتی ئینسانیی بەشی هەرە زۆری ئەو خەڵکەی پێیان دەووترێ"موسڵمان". پێم وایە بەشی هەرە زۆری ئەوان لەباری عەمەلیەوەو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە پێی واقعیەتو حەقیقەتی ئینسانی خۆیان، نەك بە پێی عەقیدەکەیان، لەگەڵ یەکتردا ڕەفتارو هەڵسوکەوت دەکەن. بۆیە من پێم وایە ئاینی ئیسلام ڕۆپۆشێکی ناواقعیو تەزویرە بەسەر بیروبۆچوونو لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی ئەوانەوە کە شایستەی لە خۆداماڵینە.